زنجیرەی پەروەردەو بانگەواز

( ٢٨ )

# پێغەمبەرەکەت




# بنـــاســـە

وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە

علي خان

پێداچوونەوەی

مامۆستا خلیل أحمد    مامۆستا عدنان بارام

چاپی دووەم

١٤٢٩ کۆچی    ٢٠٠٨ زاینی

==================================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

=============================

**تێبینی** : مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ هەموو موسڵمانێکە بە مەرجێ وەکو خۆی بڵاوی بکاتەوەو دەستکاری نەکرێت

ناوی نامیلكە : پێغەمبەرەكەت ﷺ بناسە
ئامادەكردنی : دار الوطن
وەرگێڕانی : علي خان
پێداچوونەوەی : ماۆستا خلیل أحمد و ماۆستا عدنان بارام
ژمارەی سپاردن : ( ٨٧٩ )ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
چاپی : دووەم .
دیزایــن : جلیل كەلاری
سەرپەرشتی چاپ و بڵاوكردنەوە : سایتی بەهەشت
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ : ١٤٢٩ كۆچی ـ ٢٠٠٨ زاینی.

==================================

بۆ دەستكەوتنی ئەم نامیلكەیە بە (كۆ) پەیوەندی بكە بە (سایتی بەهەشت)ەوە

www.ba8.org
ba8@maktoob.com
٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨

بسم الله الرحمن الرحيم

**إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .**

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ [آل عمران : ١٠٢]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ [النساء : ١]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ [الأحزاب: ٧٠ - ٧١ ]

**أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ * .**

**سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ڕێگای ڕۆشنایی و ئیمانی بۆ ڕوون کردوینەوە ، و لە تاریکی و چەپەڵی گومڕایی ئاگاداری کردینەوە ، هەروەها سەڵات و سەلام و ڕەحمەت لەسەر پەیامبەری هەڵبژێردراو ﷺ بە ڕەحمەت بۆ هەموو جیهان ، شایەتی ئەدەم کە هیچ خوایەك بە هەق شایستەی پەرستن نییە جگە لە الله نەبێت ، وە موحەممەد ﷺ پەیامبەر و نێردار و ڕەوانەکراوی خوایە، خۆشەویستمان، نوری چاومان، بە جوانی بە ئەرکەکەی هەستا، بە بێ وچان، بە بێ وەستان، بە جوانی بانگەوازەکەی گەیان، خەڵکی لە خەو هەستان، خوای گەورە ڕەوانەی کرد لە بۆ هەموو گەلان، عەرەبیان وعەجەمیان وڕەشیان وسپیان، تا ئەوەبوو نەزانی فێرکرد، چەوتی ڕاستەوە کرد، و پیسی پاکەوە کرد، ولێڵی ڕوونەوە کرد، وتاریکی ڕۆشنەوە کرد، و غەم و خەفەت و پەژارە و ناڕەحەتی نەهامەتی و مەینەتی لە سەر مرۆڤایەتی لابرد، بە نەفس و ماڵ و سامان و دایك و باوکمەوە بە فیدای بم، هەروەها سەڵات وسەلام لەسەر خانەوادە وهاوەڵانی وشوێنکەوتووانی تا ڕۆژی دوایی ، دوای ئەوە :**

**برای موسڵمانم : باش بزانە، کە باشترین شتێك کاتی تێدا سەرف بکرێ و توانای تێدا بەگڕ بخرێ، بریتیە لە دیراسەکردنی سیرەی گوڵاوی پەیامبەری بەڕێزمان ﷺ وڕۆژگارە نەمر و هەمیشە زیندووەکانی، بەڕاستی ئەو لێکۆڵینەوەیە وا لە لێکۆڵەر دەکات کە هاودەم**

* هذه الخطبة تسمى : خطبة الحاجة ، وهي التي كان رسول الله ﷺ يفتتح بها جميع خطبه ، ومحاظراته ، ودروسه ، ويعلمها أصحابه رضي الله عنهم ، وقد جمع جميع رواياتها ، وألفاظها العلامة الشيخ محمد ناصرالدين الألباني – رحمه الله – في رسالة صغيرة في حجمها ، كبيرة في فائدتها ، بعنوان : ( خطبة الحاجة ) ، فمن أراد الاستزادة فليرجع إليها .

وهاوچەرخی ئەو سەردەمە بێت، ولەگەڵ ئەو ڕووداوانە بژێت کە موسڵمانان پێیدا تێپەڕیوون، تەنانەت لەوانەیە وا تەسەورکا کە یەکێك بێت لەو کەڵە پیاوانەی کە قەڵای سەربەرزی لەسەر شانی ئەوان بەرپا بوو بێت .

هەر لە سیرەدا مرۆڤی موسڵمان شارەزای چەندەها لایەنی ژیانی پەیامبەر ﷺ دەبێت، هەر لە هەڵسوکەوتی ژیان وگوزەرانی وشێوازی بانگەوازی –چ لە شەڕ وچ لە ئاشتیدا–.

هەروەها شارەزای خاڵەکانی لاوازی و بەهێزی و هۆکارەکانی سەرکەوتن و ژێرکەوتن، وچۆنێتی هەڵس و کەوت لەگەڵ ڕووداوەکان –هەر چەند گەورەش بن– دەبێت .

هەروەها بە لێکۆڵینەوە لەم سیرەتە بۆن خۆشە، موسڵمان بڕوای بەخۆی تازە دەبێتەوە و ورەی بەرز دەبێتەوە و ئومێدی زیاد دەکا ودڵنیا دەبێت لەوەی کە خوای گەورە هەموو کاتێ وهەموو دەمێ وهەمیشە پشتگیر وسەر خەرێتی، بەڵام بە مەرجێك بەڕاستی وپوختی هەستێت بە ئەرکی سەرشانی لە پەرستن وهەڵسوکەوت کردن وملکەچ بون بۆ فەرمانەکانی خوا وپەیامبەرەکەی ﷺ .

**چەند مژدەیەك کەوا سەرکەوتن هەر بۆ ئیسلامە :**

خوای پەروەردگار لە چەندین ئایەتدا باسی ئەوە دەکات کە پەیامبەران (علیهم السلام) و شوێنکەوتووە ڕاستەقینەکانیان سەردەخات ، وە عاقیبەت وسەرەنجامیش هەر بۆ ئەوان دەبێت، هەر بۆ ئیمانداران وپیاو چاکان وتەقواکارانە، وە کەسیش لەخوا ڕاستگۆتر نییە، کە بەڵێنێکی پێداین بەجێی دێنێ.

بۆ نموونە :

﴿ وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَاغًا لِقَوْمٍ عَابِدِينَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ (الأنبياء) ، واتە: ((سوێند بەخوا بێگومان ئێمە نووسیومانە لە زەبوردا، لە دوای نووسینی لە (لوح المحفوظ) دا، کە بەڕاستی سەر زەوی بەندە چاك وپاکەکانم، دەبنە خاوەنیی ومیراتگری )).

بەڵام خوای توانا ودانا کاتێك ئەفەرموێ ئێمە ئیمانداران سەردەخەین –لە هەموو شوێنەکانی قورئاندا– ئەوەی بە مەرج گرتووە کە ئەبێت دینەکەی خوا سەربخەن و شوێنی پەیامبەرەکەی بکەون بۆ ئەوەی سەرکەوتنیان پێ ببەخشێ، هەروەك دەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴿٧﴾ ﴾ (محمد) ، واتە : ((ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئێوە خوا سەربخەن، ئەوا خواش ئێوە سەردەخا و سەرکەوتووتان دەکا بەسەر کافراندا)).

هـــــەروەها دەفـــــەرموێت : ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ٥١ ﴾ ( غافر ) ، واتە : ((بەڕاستی ئێمە پەیامبەران و ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە سەرکەوتوو دەکەین، لە ژیانی دونیادا وقیامەت، لەو ڕۆژەی کە شایەتەکان هەڵدەسنەوە)).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٤٠ ﴾ ( الحج ) ، واتە : ((بێ گومان خوا ئەو کەسانە سەر دەخات کە خوا سەردەخەن، بە ڕاستی خوا زۆر بەهێز وبالا دەست وبە توانایە)).

جا بۆ ئەوەی دیسانەوە ببینەوە بە سەرداری دونیا وهەموو دونیا لە ژێر سایە وسێبەری پڕ دادی ئیسلامدا بحەسێتەوە، پێویستە خوای گەورە وپەیامبەرەکەی ﷺ سەربخەین، کە ئەویش بە سەرخستنی دینەکەی خوای گەورە وپەیامبەرەکەی ﷺ دەبێت، وەگەرنا خوای بالادەست پێویستی بە سەرخستنی کەس نییە، کە سەرخستنی ئاینەکەشی خستۆتە ئەستۆی بەندەکانیەوە لە بۆ تاقیکردنەوەیانە تا ڕاستگۆ ودرۆزن وپاك وپیس وبڕوادار ومونافیق لە یەکتر جیا بکاتەوە.

لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا کە لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە، لە کوردستان وعەرەبستان وعەجەمستانەوە، قسە بەخۆشەویست دەگوترێ وگاڵتە بە جەنابی موبارەکی دەکرێ، ڕۆژێك لەو گۆڤار گاڵتەی پێ دەکرێ ، ڕۆژێك لەو ڕۆژنامە دەیکەن بە تیرۆریست وئەوەی نەشێ پێی دەکرێ، ڕۆژێك لە تەلەفزیۆنەوە بە زۆردار وخوێنمژ دەشوبهێندرێ .

زۆر کەس سەیری دێ، ئەڵێ : باشە بۆ ئەبێ ئاوها لە ناوەوە ودەرەوە سوکایەتی بەو خۆشەویستە بکرێ ، نە ڕۆژێکە ونە دووان؟! ئەڵێم: چونکە مشت ومڕی نێوان ڕەوایی و ناڕەوایی (الحق و الباطل)، کۆنە بە کۆنێتی مێژوو، هەر بە دروستبوونی ئادەم ئیتر ئەو دوژمنایەتیە دەستی پێکرد، دوو بەرە دروست بوون : دۆستانی خوا ودۆستانی شەیتان.

ئەگەریش بتەوێ بەخۆپیشاندان وئالا سوتاندن سەرکەوتن بەدەست بێنی، ئەوە مەحاڵە نایەت، چونکە خوای تەعالا دەفەرموێ: سەرکەوتن بە سەرخستنی بەرناکەمەی ئەو دەبێت، بەبەرجەستەکردنی بەرنامەکەی ئەو لەماڵ ومنداڵ وشەقامەکانماندا.

خۆ ئەگەر پەیامبەری خۆشەویست ﷺ ، لە ناکاو بدات لە دەرگای یەکێکمان وداوای ئیزن بکات بۆ هاتنە ژوورەوە، چەندێکمان ئەڵێین فەرموو، پێڵاوت لەسەر چاوم ئەی خۆشەویسترین میوان؟!

چەندێکی ترمان ئەڵێن : توخخوا نەختێ ڕاوەستە، تا وێنەکانی ناو ماڵەکەم لائەبەم، تا کەناڵە خراپەکان دەسڕمەوە، تا شریت و کاسێتە خراپەکان فڕێ دەدەم، چی وچیتر...

سەرخستنی خوا وپەیامبەریش ﷺ بە شوێنکەوتنی پەیامەکەی وپێ بەپێی ئەو پەیامبەرە دەبێ، لە بچووکترین شتەوە تا گەورەترین شت.

**گوێڕایەڵی خوای گەورەش بریتیە لە شوێنکەوتنی ڕێباز و سوننەتی پەیامبەر ﷺ وگوێڕایەڵی کردنی، هەروەك سەرپێچی ئەو بریتیە لە سەرپێچی خوای پەروەردگار، ئەمەش خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا ڕوونی کردۆتەوە، منیش هەر چەندم لەو ئایەتانە بەرچاو کەوتبێ هەموویم هێناوە، تا زیاتر ئەو پەیامبەرە ﷺ لە دڵدا مەزنتر وخۆشەویستتر بێ، هەروەها بۆ ئەوانەی کە زۆر جار ئەڵێن : بەخوا من بەس بڕوام بەخواو قورئان ماوە ئیتر گشتی درۆیە**

**لەو ئایەتانە :**

﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ ( النور)، **واتە : ((جا با ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانی پەیامبەر ﷺ دەکەن بترسن کە (لە دونیادا) بەڵاو تاقیکردنەوەکیان تووش ببێ یا سزایەکی سەختیان تووش ببێ (لە دواڕۆژدا) )).**

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٧﴾ ﴾ ( الحشر) ، **واتە : ((وە ئەوەی پەیامبەر ﷺ پێیدان وەریگرن، ئەوەشی لێتانی قەدەغەکرد وازی لێ بێنن ولە خوا بترسن بێگومان خوای گەورە سزای سەختە)).**

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾ ( الأحزاب) ، **واتە : ((سوێند بە خوا پەیامبەری خوا ﷺ چاکترین نموونەی سەرمەشقی و چاولێکەریە بۆئێوە، بۆ کەسێك بە هیوای خوا وپاداشتی ڕۆژی دواییە وزۆر یادی خوا دەکات)).**

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ﴾(النساء :٨٠) ، **واتە : ((هەر کەس گوێڕیەڵی پەیامبەری خوا ﷺ بکات ئەوا بەڕاستی گویڕایەڵی خوای کردووە..))**

**ئەم ئایەتەش زۆر گەورەیە، بۆ کەسێك دڵی بێدار بێ.**

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ ( الأحزاب : ٧١ ) ، **واتە : ((هەر کەس گوێڕیەڵی خوا و پەیامبەرەکەی ﷺ بکات ئەوا بەڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە)).**

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّـٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُو۟لَـٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾ ﴾ ( النساء ) ، **واتە : ((وە هەرکەسێك گوێڕایەڵی خوا و پەیامبەر ﷺ بکات، ئەوا ئەوانەن کەخوا نیعمەتی خۆی ڕشتووە بەسەریاندا لەپەیامبەران وڕاستگۆیان وشەهیدان وپیاوچاکان، ئەوانە هاوڕێ وهاوەڵێکی چاکن)).**

**هــەروەها دەفــەرموێ :** ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٩٢﴾ ﴾ ( المائـــدة ) ، **واتـە : ((وە گوێڕایـەڵی خـوا وگوێڕایـەڵی پەیامبـەر بـن ﷺ، وبترسن و ووریا بن، جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن وفەرمانبەری نەکەن ئەوا بزانن بێگومان ئەوەی لەسەر نێردراوەکەی ئێمەیە تەنها ڕاگەیاندنی ئاشکرای ئاینەکەیە)).**

**هەروەها دەفەرموێ :**

﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١﴾ ﴾ ( الأنفــــال)، **واتــە : ((وە گوێڕایــەڵی خـوا وپەیامبەرەکەی بن ﷺ ئەگەر ئێوە ئیمانداربن)).**

**هـــەروەها دەفـــەرموێ :** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَأَنتُمۡ تَسۡمَعُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾ ( الأنفـــــال) ، **واتـە : ((ئـەی ئـەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە گوێڕایــەڵی خـوا وپەیامبەرەکەی بن ﷺ وپشتی تێ مەکەن لە کاتێکدا تێدەگەن ودەبیستن)).**

**هــەروەها دەفــەرموێ :** ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾ ( الأنفال)، **واتە:(( (ئەی باوەڕداران) گوێڕایەڵی خواو پەیامبەرەکەی بن ﷺ، وە جیـاواز مـەبن بەهۆیــەوە بـشکێن ولاواز بـبن، وهێزتـان بـڕوا ونـەمێنێ وخـۆڕاگربن ، بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆڕاگراندایە)).**

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴿٣٣﴾ ﴾ ( محمد) ، **واتـە: ((ئـەی ئـەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە فەرمانبـەرداری خـوا وپەیامبـەر بـن ﷺ وکردەوە چاکەکانتان هەڵمەوەشێننەوە)).**

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٣١﴾ ﴾ ( آل عمران)، **واتـە: (( (ئـەی موحەممەد ﷺ) بڵـێ: ئەگـەر ئێـوە خواتـان خـۆش دەوێ، ئەوا دوای من بکەون تا خـواش ئێوەی خـۆش بوێ ولـە گوناهـەکانتان خـۆش ببێ، وخـوا لێخۆشبووی میهرەبانە)).**

**هـــەروەها دەفـــەرموێ :** ﴿ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾ ( آل عمران) ، **واتە: (( (ئەی موحەممەد ﷺ) بڵـێ: فەرمانبـەری خـوا وپەیامبـەر ﷺ بکـەن، ئینجا ئەگەر پشت هەڵکەن ئەوا بێگومان خوا بێ بڕوایانی خۆش ناوێت)).**

**هـەروەها دەفەرموێ :** ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿١٣٢﴾ ﴾ (آل عمـــران)، **واتـە: ((وە گوێڕایەڵی خودا و پەیامبەر بن بێگومان ڕەحمتان پێ دەکرێت)).**

**جا هەرکەس دەیەوێ خوای میهرەبان ڕەحمی پێ بکات با شوێنی سوننەت وڕێبازی پەیامبەر بکەوێ .**

هەروەها دەفەرموێ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ (النساء)، واتە: ((ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا وگوێڕایەڵی پەیامبەر بکەن، وپاشانیش گوێڕایەیەڵی کاربەدەستە (عادیلەکانی) خۆتان بن، جا ئەگەر دووبەرەکیتان هەبوو لەشتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆلای خوا وپەیامبەر ﷺ ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بە خوا وبە ڕۆژی دوایی، ئەوە چاکترە وئاکام وئەنجامی باشترە)).

کەواتە گەر دەتەوێ هەرگیز لەسەر هیچ شتێك پەشیمانی نەکێشی وعاقیبەتی هەموو کارێکت بەخێربێ شوێنی پەیامبەر ﷺ بکەوە .

هەروەها خوای تەعالا دەفەرموێ : ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٣ ﴾ ( المجادلة) ، واتە : ((وە فەرمانبەرداری خوا و پەیامبەرەکەی بن ﷺ، وخوا ئاگادارە بەوەی دەیکەن)).

وەهەروەها خوای بەرز و پیرۆز دەفەرموێ : ﴿ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ٢٣ ﴾ ( الجن) ، واتە: ((وە هەرکەس سەرپێچی فەرمانی خوا وپەیامبەر بکات ﷺ ئەوا بێگومان ئاگری دۆزەخی بۆ هەیە کە بە هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە)).

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ :﴿ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا ٣٦ ﴾ ( الأحزاب) ، واتە : ((هەرکەس سەرپێچی فەرمانی خوا وپەیامبەری خوا ﷺ بکات ئەوا بەڕاستی گومڕا بووە بە گومڕا بوونێکی ئاشکرا)).

وەهەروەها خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡۗ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا ٣٦ ﴾ ( الأحزاب) ، واتە : ((بۆ هیچ پیاو وئافرەتێکی بڕوادار نییە کاتێك خوا وپەیامبەرەکەی ﷺ بڕیاری هەرکارێکیاندا، بۆیان نییە سەرپشك بن لە کارەکەیاندا، وە هەر کەس سەرپێچی خوا وپەیامبەرەکەی بکات ﷺ ئەوا بەڕاستی گومڕا بووە بە گومڕابوونێکی ئاشکرا)).

ئایەتەکە ڕوونە وڕاشکاوانە فێرمان دەکات کەوا لە ئاست ڕێبازی پەیامبەر ﷺ ئێمە سەرپشك نین، بەڵکو ئەڵێین : ﴿ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا ﴾ (سورة البقرة:٢٨٥)، گوێمان لێبوو لەسەر چاومان نا ، وئەنجامی بدەین .

هەروەها خوای تەعالا دەفەرموێ : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ٦٥ ﴾ ( النساء) ، واتە: ((نەخێر (وا نییە کە خۆیان بە بڕوادار نیشان دەدەن) سوێند بە پەروەردگارت ئیمانیان نییە هەتاوەکو تۆ نەکەنە دادوەر (حاکم) لە هەموو ئاژاوە ودووبەرکییەکی نێوانیاندا، لە

**پاشانیش هەست بە هیچ بێزاریەك نەکەن لە ئاست ئەو بڕیارەی تۆدا، وملکەچ نەکەن بە تەواوی.**

**هەروەها خوای تەعالا دەفەرموێ :** ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّـٰتٍ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١٣﴾ ﴾ ( النساء) ، **واتە:** ((**وە هەرکەس گوێڕایەڵی خوا وپەیامبەرەکەی ﷺ بێت دەیخاتە ناو بەهەشتانێك کە ڕووبارەکانی بە ژێریدا دەڕوات، تیایدا دەمێننەوە بە هەمیشەیی، وەئا ئەوەیە سەرکەوتن وبردنەوەی زۆر گەورە**)).

**هەروەها خوای پەنهانزان دەفەرموێ :** ﴿ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدۡخِلۡهُ نَارًا خَـٰلِدًا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿١٤﴾ ﴾ (النساء)، **واتە:** ((**وە هەرکەسێکیش سەرپێچی خوا وپەیامبەرکەی بکات ﷺ وسنوورەکانی خوا ببەزێنێت، ئەوا دەیخاتە ئاگرێکەوە هەمیشە دەمێنێتەوە تیایدا، وە سزایەکی ڕیسواکەری بۆ هەیە**)).

**هەروەها خوای کار دروست لە ئایەتێکی تردا زۆر بە جوانی ڕوونی دەکاتەوە کەوا گوێڕایەڵی کردنی پەیامبەر ﷺ گوێڕایەڵ کردنی خوای گەورەیە ، هەورەك دەفەرموێ :** ﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ﴿٨٠﴾ ﴾ ( النساء) ، **واتە:** ((**هەرکەسێك گوێڕایەڵی پەیامبەر ﷺ بکات ئەوا بەڕاستی گوێڕاڵی خوای کردووە، وە هەرکەسێکیش پشت هەڵبکات ئەوا ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە بە چاودێر و پارێزەر بەسەریاندا**)).

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابٗا مُّهِينٗا ﴿٥٧﴾ ﴾ ( الأحزاب) ، **واتە :** ((**بەڕاستی کەسانێك کە ئازاری خوا وپەیامبەرکەی دەدەن ﷺ، خوا نەفرینی لێکردوون لە دونیا وئاخیرت، وە سزای ڕیسواکەری بۆ ئامادە کردوون**)).

**بەڵام دەبینی هەر لە پاش ئەوە کە باسی ئازاردانی ئیمانداران دەکات دەیبەستێتەوە بەوەی کە ئەگەر ئەوان لە بەرانبەردا هیچیان نەکردبێ:** ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ بِغَيۡرِ مَا ٱكۡتَسَبُواْ فَقَدِ ٱحۡتَمَلُواْ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ﴿٥٨﴾ ﴾ ( الأحزاب) ، **واتە:** ((**وە کەسانێ کە ئازاری پیاوان وئافرەتانی ئیماندار دەدەن بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێ، ئەوا بەڕاستی ئەوانە بوختان وتاوانێکی ئاشکرایان گرتۆتە ئەستۆ**)).

**بەڵام لە باسی خوا وپەیامبەرەکەی ﷺ ئەوە نافەرموێ، بەڵکو هەرکەسێ بێ، بە هەر شێوازێك بێ، ئەوا نەفرینی لێکراوە و دۆزەخیش چاوەڕێیەتی –خوا پەنا بدات–.**

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٥١) وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ (٥٢) ﴾ ( النور ) ، **واتە:** (( **قسەی ئیمانداران –کاتێك بانگ بکرێن بۆلای بەرنامەی خواو پەیامبەرەکەی ﷺ بۆئەوەی بڕیار (حوکم) بدات لە نێوانیاندا– تەنها ئەوەیە ئەڵێن: بیستمان وگوێڕایەڵ بووین، وەهەر ئەوانەن ڕزگاربووان، جا هەر کەسێك گوێڕایەڵی وخوا وپەیامبەرەکەی بکات ﷺ ولە خوا بترسێ، ئەوا بەڕاستی هەر ئەوانە سەرکەوتوون**)).

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَنْ يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا (١٧) ﴾ ( الفتح ) ، **واتە:** ((**وە هەرکەسێك گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەکەی ﷺ بێت دەیباتە بەهەشتانێك کە ڕووبارەکان بە ژێریاندا دێن و دەچن ، هەکەسێکیش سەرپێچی بکات خوا سزای سەختی دەدات**)).

**هەروەها دەفەرموێ :** ﴿ قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ (٥٤) وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٥٥) ﴾ (النور) **واتە:** (( **(ئەی موحەممەد ﷺ) بڵێ: فەرمانبەرداری خوا وفەرمانبەرداری پەیامبەر بن ﷺ، جا ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئەوا ئەو تەنها بەرپرسیارە لەوەی دراوە بە سەریدا، وئێوەش بەرپرسن لەوەی کە دراوە بەرستاندا (کە ئیمان هێنان وکردەوەی چاکە کردنە)، وەئەگەر گوێرایەڵی پەیامبەر بکەن ﷺ ئەوا هیدایەت وەردەگرن، وە پەیامبەر ﷺ هیچی لەسەر نییە بێجگە لە بەڕوون وئاشکرا گەیاندنی پەیامەکەی خوا نەبێ، خوا بەڵێنی داوە بەو کەسانەتان کە باوەڕی هێناوە وکردەوەی چاکەکانیان کردووە کە بێگومان دەیانکاتە جێنشینی خەڵکی تر لەسەر زەویدا، هەورەك چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی کرد بە جێنشین، وئاینەکەیان بۆ دەچەسپێنێ، ئەو ئاینەی کە خوا ڕازی بووە بۆیان، وەترس وبیمیان بۆ دەگۆڕێ بە ئاسایش وئارامی ، لەو کاتەدا ئیتر هەر من دەپەرستن وهیچ هاوبەشێکم بۆ بڕیار نادەن، وە هەر کەس دوای ئەوە بێ بڕوا بێ ئەوا بەڕاستی ئا ئەوانەن دەرچوون لە ڕێگەی خوا**)).

**لەم ئایەتەدا خوا فەرمان دەکات کەوا ئەبێت هەموو کەس فەرمانبەری خوا و پەیامبەرەکەی ﷺ بێ، وە هەرکەس پشتی لێ بکات ئەوا هیچ زیان بە پەیامبەر ﷺ ناگەیەنێت وخوا دینی خۆی زایە ناکا هەر سەری دەخا وسزای سەرپێچی کەرانیش دەداتەوە، هەروەها لە ئایەتەکەوە ئەوە دەفامرێ کە ڕێبازی پەیامبەر ﷺ ڕێبازی هیدایەتە**

وڕێبازی غەیرە وی گومڕایی وهەڵدێرییە وهەرگیز لە جگە لە ڕێبازەکەی ئەو هیدایەت نییە، هەروەها لەم ئایەتەدا خوای تەعالا بەڵێنی ئەوە دەدات بە ئوممەتی موحەممەد ﷺ کەوا دەیانکات بە جێنشین لەسەر زەوی دەسەلأت وهێزیان پیٚ دەبەخشیٚ، بەوانەیان کە چی سیفەتێکیان تێدایە؟ کە:

یەکەم : ئیمان بهێنن .

دووەم : کردەوە چاکەکان بکەن.

وە ئەم ئایەتە لەسەردەمێکدا دابەزیووە کە موسڵمانان لەو پەڕی زەلیلیدا بوون وترساون، بەلأم خوا بەڵێنی ئەوەیان پیٚ دەدات کە ئەگەر ئیمان بێنن و کردەوە چاکەکان ئەنجام بدەن ترسیان لا دەبا وسەربەرزیان دەکا.

ئەوەبوو خوای گەورە بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێنا وموسڵمانای کرد بە جێنشین لەسەر زەوی هەروەك موفەسیرین بە سەردەمی ئەبوبەکر وباقی خەلیفەکان ڕاڤەی دەکەن.

ئێمەش ئەمڕۆ لەسەردەمێکین پێم وانییە ئیسلام لە هیچ دەمێکدا بەم ئەندازەیە زەلیل بووبیٚ ، خوای کارساز بۆ سەرکەوتن خۆی چارەسەرەکەمان نیشان دەدات، پێشینی ئێمە کاریان بەو چارەسەرە کرد سەربەرز وڕوو سوور بوون، دەی هیممەتێك لە پاشین تا خوا سەربەرز و ڕوو سوورمان کا لە دونیا و پەسلأندا.

جا ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیە لە چەند سەر دێڕێك لە بارەی ژیان و کەسایەتی پەیامبەری خۆشەویستمان ﷺ ، کە مەبەستمان پیٚی ڕێگاکردنەوەیەکە بۆ پێنەگەیشتوان ولاوانی موسڵمان، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەیەکی گەورەتر وقوڵتر لە بارەی ژیانی پەیامبەر ﷺ .

## ناوی پەیامبەر ﷺ

**کونیەکەی باوکی قاسم** (أبو القاسم)**ـە، وناوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشیمی کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی قوصەی کوڕی کیلابی کوڕی موڕڕەی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی کوڕی غالیبی کوڕی فیهری کوڕی عەبد مالیکی کوڕی نەضری کوڕی کەنانەی کوڕی خوزەیمەی کوڕی مودریکەی کوڕی ئیلیاسی کوڕی موضەری کوڕی نزاری کوڕی مەعدی کوڕی عەدنانە .**

**تا ئێرەی ئەم نەسەبە هەموو زانایان کۆکن**[1]**، وە یەك دەنگیشن لەوەی کە عەدنان لە کوڕەکانی پەیامبەر ئیسماعیلە** علیه السلام .

## ناوەکانی پەیامبەر ﷺ:

**جوبەیری کوڕی موتعیم دەڵێ: پەیامبەری خوا ﷺ، فەرمووی:** (( إن لي أسماء، أنا محمد، وأنا أحمد، وأنا الماحي الذي يمحو الله بي الكفر، وأنا الحاشر الذي يحشر الناس على قدميَّ، وأنا العاقب الذي ليس بعده أحد))[2].

**واتە:** ((**من چەند ناوێکم هەیە، من موحەممەدم (خاوەن ڕەوشت وڕەفتاری بەرز وشیرین وجوان)، من ئەحمەدم، من (**الماحي**: لابەر)م کە خوای گەورە بە هۆی منەوە کوفر لادەبات، وە (**حاشر**: کۆکەرەوە)م کە خەڵك لە دوای منەوە حەشر دەکرێن، ومن (**عاقب**: کۆتا)م کە هیچ پەیامبەرێکم بە دواوە نایەت و کۆتا پەیامبەرم**)) .

**هەروەها لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە ڕەزای خوای لێبێ ئەڵێ :** ((كان رسـول الله ﷺ يسمي لنا نفسه أسماء فقال: (( أنا محمد، وأحمد، والمقفي، والحاشر، ونبي التوبة، ونبي الرحمة))[3]، **واتە: پەیامبەری خوا ﷺ چەند ناوێکی خۆی بۆو دەوتین و دەیفەرموو: من موحەممەدم، من ئەحمەدم، من (**الْمُقَفَّى**)م، ومن (حاشرم)، ومن (**نبي التوبة**)م، ومن (**نبي الرحمة**)م )).**

(محمد)**: سوپاس کراو، (یا خاوەن ڕەوشت و ڕەفتاری بەرزو شیرین و جوان) .**

(أحمد)**یش: هەر بە هەمان واتا دێت، بەڵام ئەم بۆ تەفزیلە وموحەممەدیش بۆ موبالەغە .**

(الْمُقَفَّى)**: شوێنەکەوتەی پەیامبەران (یان هەر بە مانای** العاقب**).**

(نبي التوبة)**: پەیامبەری توبە و لێ خۆش بوونە .**

(نبي الرحمة)**: پەیامبەری ڕەحمەتە .**

---

[1] ( **بروانە** : صحيح السيرة النبوية : للعلامة الألباني : ص١٠ )
[2] ( متفق عليه ) .
[3] ( مسلم ) .

## پاکێتی رەگەز و رەچەڵەکی ئەم پەیامبەرە ﷺ

**لە واسیلەی کوڕی ئەسقەعەوە دەگێڕێتەوە کەوا پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** (( إن الله عز وجل اصطفى من ولد إبراهيم إسماعيل ، واصطفى من ولد إسماعيل كنانة ، واصطفى من بني كنانة قريشاً ، واصطفى من قريش بني هاشم ، واصطفاني من بني هاشم "[٤] **، واتە : خوای گەورە لە کوڕەکانی ئیبراهیمدا ئیسماعیلی هەڵبژارد، ولە کوڕەکانی ئیسماعیلدا کەنانەی هەڵبژارد، ولە کوڕەکانی کەنانەدا قوڕەیشی هەڵبژارد، ولە قوڕەیشدا کوڕەکانی هاشیمی هەڵبژارد، وە منیشی لە کوڕەکانی هاشم هەڵبژارد.**

**وە کاتێك هیرەقل پرسیاری لە ئەبی سوفیان کرد دەربارەی نەسەبی پەیامبەری خواوە ﷺ، ووتی:** ((هو فينا ذو نسب، فقال هرقل: كذلك الرسل تبعث في نسب قومها))[٥]**، واتە: پیاوێکی ڕەسەنە ورەچەڵەکدارە، بۆیە هیرقل ووتی: هەروایە، پەیامبەرانیش هەروا بوون لە نێو گەلی خۆیاندا خاوەن ڕەچەڵەکن .. .**

## لە دایکبوونی

**لە ڕۆژی دووشەممەی مانگی ڕەبیعولئەوەل لە دایك بووە[٦]، هەشە ووتویەتی: لە دووی ئەو مانگە بووە، وتراویشە: لە هەشت، ووتراویشە: لە دە، ئیبن کەسیر دەڵێ: ڕای پەسەندی زانایان ئەوەیە کە لەساڵی فیلدا لە دایك بوو بێت، تەنانەت هەندێك لە زانایان ئیجماعیشان لەسەر هێناوەتەوە[٧]، لەوانە: ئیبراهیم ئیبن مونذیری حیزامی کە (شێخی بوخاری)ە، هەروەها خەلیفەی ئیبن خەیات وجگە لەمانیش .**

**شارەزایان ئەڵێن : کاتێك کە ئامینەی دایکی سکی پڕ بووە، ووتویەتی:** **((هیچ هەستم بە قورسی سکەکەم نەکردووە[٨]، وکاتێکیش لە دایکبووە ڕووناکیەکی داوەتەوە کۆشکەکانی شامی ڕۆشن کردۆتەوە))[٩].**

**ولە فەرمودەکەی عیربازی کوڕی ساریەدا هاتووە ئەڵێ: گوێم لە پەیامبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: " بەڕاستی من لە لای خوای پەروەردگار لە (أم الكتاب)دا کۆتا پەیامبەرم[١٠]، پاشان فەرمووی : مانای ئەوەشتان بۆ ڕوون دەکەمەوە: دوعاکەی**

---

[٤] ( رواه مسلم ) .

(٥) ( رواه البخاري ) .

(٦) ( رواه مسلم ) .

[٧] ( **بڕوانە** : صحيح السيرة النبوية : للعلامة الألباني : ص ١٣ ) .

[٨] ( **بڕوانە** : السيرة النبوية لابن هشام : ص ١٦٦ ، والمختصر الكبير في سيرة الرسول للكتاني : ١ / ٥ ، والخصائص الكبرى للسيوطي : ١ / ٧٢ ) .

[٩] ( رواه ابن إسحاق ( ١ / ١٧٥ ) وعنه الحاكم ( ٢ / ٦٠٠ ) وقال صحيح الإسناد ، ووافقه الذهبي ، وقال العلامة الألباني : وهو كما قالا ، وصححه في الصحيحة برقم : ١٥٤٦ ) .

[١٠] ( أخرجه أحمد في المسند ٤ / ٦٦، ١٢٨ وأبو نعيم في الدلائل ١ / ٩ وابن كثير في البداية والنهاية ٢ / ٣٢١ وذكره الهيثمي في المجمع ٨ / ٢٢٦ ، وزاد نسبته للطبراني والبزار ، و رواه الحاكم وصححه ، وأورده السيوطي في الخصائص الكبرى : ١ / ٥ ) .

ئیبراهیمی باوکم، ومژدەکەی عیسا، وخەونەکەی دایکم کە بینیوی ڕووناکیەکی لێ دەرەوشاوەتەوە لەکاتی لە دایک بوونی مندا بە شێوەیەك کۆشکەکانی شامی ڕۆشن کردۆتەوە[١١].

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێش لە دایك بوونی باوکی کۆچی دوایی دەکات و باپیری ناوی دەنێت ﷺ .

## شیر خواردنی

چەند ڕۆژێك سوەیبەی خزمەتکاری ئەبو لەهەب شیری پێدا[١٢]، پاشان بردی بۆ لای بەنی سەعد بۆ شیر پێدانی وگەورە بوونی لە ژینگەی پاکی لادێدا، ئەوەبو حەلیمەی کچی زوئەیب (حليمة السعدية) گرتیە خۆی، ونزیکەی چوار ساڵ لەوێدا مایەوە، وە دڵ شەق کرنەکەشی -کە بەشی نەفس وشەیتانیان لێ دەرهێنا- هەر لێرەدا بوو ... دوای ئەو ڕووداوە حەلیمە لە ترسا بردیەوە بۆ لای دایکی ، پاشان لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە ناوچەی (أبواء) دایکی لە ڕێگەی مەککە کۆچی دوایی کرد، هەر بۆیە کاتێك لە ساڵی فەتحی مەککەدا پەیامبەری خوا ﷺ بە (أبواء)دا تێپەڕی، داوای لە خوای پەروەردگار کرد کە ئیزنی بدات سەردانی گۆڕەکەی دایکی بکات، خوای گەورەش ئیزنی دا .

پەیامبەری خوا ﷺ چووە لای گۆڕەکەیی ودەستی کرد بە گریان وهاوەڵانیش دەستیان کردە گریان، پاشان فەرمووی: سەردانی گۆڕستان بکەن بەڕاستی سەردان کردنی گۆڕستان یادی مردنتان دەخاتەوە[١٣].

پاش وەفاتکردنی دایکی، ئوم ئەیمەن شیری پێدا، وعەبدو لموتەلیبی باپیری ئەرکی بەخێوکردنی گرتە ئەستۆ، بەڵام کە گەیشتە تەمەنی هەشت ساڵی باپیریشی وەفاتی کرد، بە وەسیەتی باپیری ئەبو تالب ئەرکی بەخێوکردنی گرتە ئەستۆ، ئەوەبوو زۆر بە جوانی بەخێوی کرد، سەری خست، پشتی گرت، پارستی هەتا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد. ئەگەر چی هەر بەردەوام بوو لەسەر دینی باو باپیری خۆیی وموسڵمان نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەم بەرگریەی لە پەیامبەری خوا ﷺ خوای گەورە سزای دۆزەخی لەسەر کەم کردەوە، هەروەکو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە .

---

[١١] ( صححه العلامة الألباني في الصحيحة برقم : ١٥٤٦ ) .

[١٢] شیرپێدانی سوەیبە لە بوخاری موسلیمدا هاتووە ، بێ ئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە چەند ڕۆژێك بووە ، ئەوەش لەو فەرموودەیەی کە پەیامبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : " أَرْضَعَتْنِي وَأَبَا سَلَمَةَ ثُوَيْبَةُ " ، بەڵام دیاریکردنی ڕۆژەکان پێشەوا (ابن القيم) لە (زاد المعاد) دا ئاماژەی پێداوە : ( ٨١/١ ) .

[١٣] ( مسلم ) .

## پاراستنی پەیامبەر (ﷺ) لە شتە خراپەکانی نەفامی

خوای گەورە پەیامبەری خوای ﷺ لە شتە خراپ و عەیب وعارەکانی نەفامی پاراست، خوای تبارك وتعالی هەرچی کرداری جوان بوو لەو پەیامبەرەدا ﷺ کۆیکردبووەوە ، تەنانەت لە نێو قەومەکەی خۆیشی بە (ڕاستگۆی دەست پاك: الصادق الأمين) ناسرابوو، هەڵبەت ئەمەش بەهۆی ئەو دەروون پاکی وڕاستگۆیی وڕەوشت جوانیەی خۆیەوە کە قەومەکەی لێیان بەدی دەکرد.

تەنانەت کاتێك قوڕەیش ویستیان کەعبە بنیات بنێنەوە وگەیشتنە دانانی (بەردە ڕەشەکە : الاحجر الاسود)، جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە لەوەی کێ بەردە ڕەشەکە دابنێت، هەتا ڕێکەوتن لەسەر یەکەمین کەسێك کە دێتە ژوورەوە بۆ لایان، ئەوەبوو بە ویستی پەیامبەر ﷺ دەرچوو، ئەوانیش ووتیان: دەست پاکەکە هات، ئەوەبوو ڕازی بوون بەوەی کە ئەم ئەو پیاوە بێت. خۆشەویست ﷺ ڕۆیشت پارچەیەکی هێنا وبەردەکەی خستە ناوەڕاستی پارچەکەوە وبە هەموو سەرۆك هۆزەکانی ووت کەوا هەر یەکەو لایەکی ئەو پارچەیە بگرن، پاشان بە دەستی موبارەکی خۆی بەردەکەی هەڵگرت ولە شوێنی خۆی داینا، ئەمەش لە تەمەنی سی وپێنج ساڵیدا بوو[١٤].

## ژنهێنانی

پەیامبەری خوا ﷺ لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا خەدیجەی هێنا، جا لە بۆ بازرگانی لەگەڵ "مەیسەرەی" خزمەتکاری خەدیجە ڕۆیشتن بۆ شام، لەو سەفەرەدا مەیسەرە زۆر موعجیبی ڕەوشتە جوانەکانی پەیامبەر ﷺ بوو، بینی چەن مەردێکی لێهاتووە، چەند راستگۆ ودەست پاکە.

بۆیە کە ڕۆیشتەوە بۆ خەدیجەی گێڕایەوە، ئەویش ئەوەی دەربڕی کە پێی خۆشە ببێت بەهاوسەری ئەو پیاوە دەست پاکە، بەمجۆرە پەیامبەر ﷺ خەدیجەی مارەکرد.

پاشان خەدیجەش وەفاتی کرد -ئەمەش پێش هیجرەت بە سێ ساڵ-، جا لەبەر خۆشەویستی پەیامبەر ﷺ بۆخەدیجە هەتا ئەو لە دونیادا بوو ژنی تری نەهێنایە سەری)[١٥]، ئیتر دوای وەفاتکردنی، سەودەی کچی زەمعەی هێنا، پاشان عائیشەی کچی

---

[١٤] ( رواه الطبراني في ( المعجم الأوسط : ج ٣ / ص ٥٠ ، برقم : ٢٤٤٢ ) ، والهيثمي في ( مجمع الزوائد ومنبع الفوائد : ج ٨ / ص ١٦٩ - ١٧٠ ، باب ما كان يدعى به ﷺ قبل البعثة ، برقم : ١٣٨٧٩ ، وبرقم : ١٣٨٨٠ ) ، كلاهما عن علي بن أبي طالب رضي الله عنه) .

[١٥] کەسێك دڵی هەبێ وخوای تەعالا کوێری نەکردوبێتەوە و نەیمراندبێ ، ئەوا لە ژنهێنانی پەیامبەردا ﷺ بە جوانی ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا پەیامبەری خوا ﷺ پیاوێکی ئارەزوو باز نەبووە ، هەروەك زۆرێك لە ناحەز وعەلمانیەکان باسی دەکەن ، کەسێك ئارەزوو باز بێت دەڕوات ژنێ دێنێ کە دوو شووی کردووە - خەدیجە دوو شووی تری پێش پەیامبەر ﷺ کردبوو - لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی بیست ساڵ لە خۆی گەورەتر بێت ، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڕەتی لاوێتیدا بێت، لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بێت ... ، سەرباری ئەوەش کە دوای ئەوەی ژنی هێناوە هەموو ژنەکانی بێوەژن بن - یەکێکیان نەبێ - ... هتد ، ئەمانە هەمووی بەڵگەی ڕوونن بۆ کەسێك دڵی هەبێت و

**ئەبوبەکری هێنا ﵄ -لە هەموو خێزانەکانی تەنها ئەم کچ بوو-، ئەوەکانی تر هەموویان بێوەژن بوون، پاشان حەفصەی کچی عومەری هێنا ﵄، پاشان زەینەبی کچی خوزەیمەی کوڕی حارسی هێنا ﵂، وە ئوم سەلەمەشی هێنا کە ناوەکەی (هیندی کچی ئومەیەیە) ﵂، وە زەینەبی کچی جەحشیشی هێنا ﵂، پاشان جوەیریەی کچی حارسی هێنا ﵂، پاشان ئوم حەبیبەی هێنا کە ناوی (ڕەملە)یە، وە ووتوشیانە: (هیندی کچی ئەبو سوفیان)ە، ودوای فەتحی خەیبەر صفیەی کچی حویەی کوڕی ئەحتەبی هێنا﵂، پاشان مەیمونەی کچی حارسی هێنا ﵂،میمونەش دواهەمین خێزانی پەیامبەری خوایە ﷺ .**

**کوڕەکانی :**

**هەموو منداڵەکانی پەیامبەر ﷺ لە خەدیجە بوون، جگە لە ئیبراهیم کە لە(ماریە)ی قیبتی بوو، ئەویش مقۆقس بە دیاری بۆی نارد.**

**کوڕەکانی بریتین لە: قاسم، کونیەکەشی هەر بەم ناوەوە بوو، چەند ڕۆژێکی کەم ژیا وپاشان مرد، هەروەها تاهیر وتەییب (الطاهر والطیب-پاك وچاك) .**

**هەندێك ئەڵێن: عەبدوڵلای بووە وتاهیر وتەییب نازناوی عەبدوڵلا بووە، هەروەها ئیبراهیم، ئەمیش لە مەدینە لە دایك بوو ودوو ساڵ کەم سێ مانگ ژیا وپاشان کۆچی دوایی کرد.**

**کچەکانی :**

**یەکەمیان: زەینەب، کە کچە گەورەی پەیامبەرە ﷺ، خێزانی ئەبولعاصی کوڕی ڕەبیعی پورزای خۆی بوو.**

**دووەمیان: ڕوقەیەیە کە خێزانی عوسمانی کوڕی عەففان بوو ڕەزای خوای لێبێت.**

**سێیەمیان: فاتیمەی خێزانی عەلی کوڕی ئەبو تالب کە باوکی حەسەن وحوسەینی گەورەی گەنجانی بەهەشتە.**

**چوارەمیان: ئوم کەلسومە کە دوای ڕوقەیەی خوشکی ئەم بوو بە خێزانی عوسمانی کوڕی عەففان.**

**ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێت: ((فالبنات أربع بلا خلاف، والبنون ثلاثة على الصحيح))[١٦]، واتە: کچەکانی پەیامبەر ﷺ بەإجماعی زانایان چوارن، کوڕەکانیشی لەسەر ڕای پەسەند: سیانن .**

---

**زیندوو بێ ﴿ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ ﴾ ئەو چاوانە کوێر نین ، نا ، بەڵکو ئەو دڵانەن کوێرن کە لە ناو سنگەکانن . (وەرگێڕ) .**

[١٦] **بڕوانە** : ( تهذيب الأسماء واللغات ، لأبي زكريا محيى الدين بن شرف النووى ، تحقيق : مصطفى عبدالقادر عطا ) .

## بوونی بە پەیامبەر

لە دووشەممەی (١٧)ی ڕەمەزاندا، لە تەمەنی چل ساڵیدا، وەحی لە ئاسمانەوە بۆ هاتە خوارەوە لە ئەشکەوتی "حيراء" لە شاخی "سەور"، جا ڕەسولی خوا ﷺ هەر کاتێك وەحی بۆ دابەزیایە زۆر قورس دەبوو لەسەری ودەم وچاوی دەگۆڕا وناوچاوانی عەرەقی دەکرد.

کاتێك جوبرەئیل دابەزی پێی فەرموو: بخوێنە "إقرأ"، ئەویش فەرمووی: خوێندەواریم نیە، جوبرەئیلعليه السلام بە توندی پەیامبەری خوای ﷺ گوشارد هەتا ماند وناڕەحەتی کرد، پاشان پێی فەرموو: بخوێنە، ئەویش فەرمووی: خوێندەواریم نیە ، ئەوەی سێ بارە کردەوە، پاشان جوبرەئیلعليه السلام فەرمووی: ﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ﴿٢﴾ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ﴿٣﴾ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ﴿٥﴾ ﴾ (العلق).

واتە: (( (ئەی موحەممەد) بخوێنە بە ناوی پەروەردگارت کە هەموو شتێکی دروستکردووە، مرۆڤی دروستکردووە لە خوێنێکی بەستوو، بخوێنە پەروەردگاری تۆ لە هەموو کەس بەخشندە ترە، ئەو پەروەردگارەی کە بەهۆی قەڵەمەوە مرۆڤی فێری نووسین کردووە، مرۆڤی شارەزا کردووە بەو شتانەی کە نەیدەزانی.

ئیتر خۆشەویستی خوا ﷺ گەڕایەوە ماڵەوە لای خەدیجە رضي الله عنها، هەموو گیانی دەلەرزا، پاشان بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە ، خەدیجەشرضي الله عنها پێی فەرموو: نەخێر بەخوا، خوا هەگیز سەرشۆڕت ناکات، تۆ کەسێکی پاکی سیلەی ڕەحم دەگەیەنی و قسەی ڕاست دەکەیت و یارمەتی لێقەوماو و هەژار دەدەیت، ڕێز لە میوان دەگریت.

دوای ئەوە، ماوەیەك وەحی لە ئاسمانەوە پچڕا پەیامبەری خوا ﷺ زۆر غەمبار ودڵتەنگ بوو کە هیچی نەدەبینی وهیچی بۆ نەدەهاتە خوارەوە، شەیدا وموشتاقی وەحی بوو، ئەوەبو جوبرەئیل لەسەر کورسیەك لە نێوان ئاسمان وزەویدا خۆی پیشانی پەیامبەری خوا ﷺ دا. چەسپاوی کرد ودڵی دایەوە و مژدەی پێدا کە ئەو پەیامبەری خوایە ﷺ وخودا هەڵی بژاردوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، پەیامبەری خواش ﷺ کە ئەوەی بینی ترسا و گەڕایەوە بۆلای خەدیجەرضي الله عنها وفەرمووی: دامپۆشن، بمپێچنەوە، ئەوەبوو خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاندە خوارەوە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ﴿١﴾ قُمۡ فَأَنذِرۡ ﴿٢﴾ وَرَبَّكَ فَكَبِّرۡ ﴿٣﴾ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ ﴿٤﴾ ﴾ (المدثر) ، واتە : ((ئەی ئەو کەسەی خۆی پێچاوەتەوە، هەستە خەڵکی بێدار کەرەوە ، پەروەردگارت بەگەورە ڕابگرە ، جل وبەرگەکانت پاك بکەوە)).

خوای پەروەردگار لەم ئایەتانەدا فەرمانی پێ دەکات کەوا ئوممەتەکەی خۆی بێدار کاتەوە وبیانترسێنی وبانگیان بکات بۆلای الله، ئەویش پشت بەخوا پێی هەستا وقۆڵی لێ هەڵماڵی وناوقەی بۆ توند کرد، هەستا بە گەیاندنی بەباشترین شێوە، بانگی ڕەش وسپی،

پیر و گەنج، منداڵ وگەورە، ژن وپیاو، بەندە وئازادی كرد، ئەوەبوو سوپاس بۆخوا لەنێوان هۆز وخێلەكاندا خەڵكانێك ئیمانیان پێهێنا وهاتنە نێو ئیسلامەوە.

بەڵام نەفس نزمەكانی مەككە دەستیان كرد بە دژایەتی كردنی وئازاردانی وسزادانی خۆیی وئەوانەشی ئیمانیان هێنا بەڵام خوای پەروەردگار پەیامبەرەكەی ﷺ پاراست لە هەندێك لەو ئەشكەنجانە بەهۆی ئەبو تالبەوە –چونكە ئەبو تالب مامی پەیامبەر بوو ﷺ، ویەكێكە لە ناودارەكانی قوڕەیش وزۆر بە گوێیان دەكر و گوێیان لێ دەگرت–، بۆیە لەبەر ئەبو تالب نەیاندەوێرا هیچ بە ەیامبەری خواﷺ بكەن، چونكە دەیانزانی ئەبو تالب چەند پەیامبەری خوای ﷺ خۆش دەوێ.

ئیبن ئەلجەوزی دەڵێت: ((وبقي ثلاث سنين يستتر بالنبوة ثم نزل عليه ﴿فَٱصۡدَعۡ بِمَا﴾ فأعلن الدعاء))[١٧]، واتە: ((بۆ ماوەی سێ ساڵ پەیامبەری خوا ﷺ پەیامبەرایەتی خۆی بە نهێنی هێشتەوە و بانگەوازی دەكردن هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ، ﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ ﴾ ( الحجر : ٩٤ ) ، واتە: جا هەر فەرمانێك پێدەدرێ بە ئاشكرا ڕای بگەیەنە. ئەوە بوو بانگەوازی ئاشكرا كرد)).

وە كاتێكیش ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ ﴾ (الشعراء)، پەیامبەری خوا ﷺ سەركەوتە سەركێوی صەفا وهاواریكرد، هۆ قەومینە، هۆ خەڵكینە، ئەوانیش ووتیان: ئەو هاوار هاوارە كێیە؟ ووتیان: موحەممەدە ﷺ! ئەوەندەی پێ نەچوو خەڵك لەدەوری كۆبونەوە، ئەویش پێیانی فەرموو: ئەگەر پێتان بڵێم سوپایەك لەو دیوی ئەو شاخەوەیە وبەرەو ئێرە دێت، بڕوام پی ئەكەن؟ ئەوانیش ووتیان: ئێمە درۆمان لێت نەبیستووە، ئەویش فەرمووی: ئەی خەڵكینە بەڕاستی من پەیامبەر ونێرداوی خوام وترسێنەرم بۆ ئێوەی گرۆی ئادەمیزاد، وسزایەكی توند بۆ سەرپێچی كەرانم ئامادەكراوە، لەو كاتەدا ئەبولەهەب ووتی: ((تَبًّا لَكَ)) واتە: لەناوبچێت، ئا لەبەر ئەمە ئێمەت كۆكردەوە؟ پاشان لێیداو ڕۆیی، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿ تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ﴿١﴾ مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ﴿٢﴾ سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ ﴿٣﴾ وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ﴿٤﴾ فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ ﴿٥﴾ ﴾ ( المسد)[١٨].واتە: ((لە ناو بچێت هەردوو دەستی ئەبولەهەب ولە ناو چوو، داراییەكەیی وئەوەی كە كردی (لە دژی پەیامبەر ﷺ) سوودی پێ نەگەیاند، بێگومان لەمەولا – لە ڕۆژی دواییدا– دەچێتە ناو ئاگری بڵێسەدار، لەگەڵ ژنەكەیدا كە هەڵگری دار وچاوگە، هەمیشە گوریسێكی بادرا وچنراو (لە پەلی خورمای ئاگرین) وا لە گەردنیا )).

---

[١٧] ( التبصرة لابن الجوزي : ١ / ٣٤٤ ) .

[١٨] ( متفق عليه ) .

## ئارامگرتنی لەسەر ئازارەکان

بەڕاستی پەیامبەری خوا ﷺ لەلایەن قەومەکەیەوە، ڕووبەڕووی جۆرەها ئازار وئەشکەنجە وناڕەحەتی بوویەوە، بەلاّم هەر ئارامی دەگرت وچاوەڕوانی پاداشتی خوای دەکرد، ئەشکەنجەدان درێژەی کێشا وسەختگیر بوو، تا کار گەیشتە ئەوەی پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بە هاوەلاّنی کە کۆچ بکەن بۆ حەبەشە و لەدەست ئەم زوڵم و زۆرە ڕزگاریان ببێ، ئەوەبوو زۆربەی ئەوانەی کە موسڵمان بوو بوون بەرەو حەبەشە کەوتنە ڕێ.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: هەرکە ئەبو تالب وەفاتی کرد، دەست بەجێ قوڕەیش دەستیانکرد بەئازاردانی پەیامبەر ﷺ، بەشێوازێك کە ژیانیان لێ تاڵکرد و بێ زاریان کرد.

ئەبو نوعەیم لەئەبی هورەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەت دەکات، دەڵێ: هەرکە ئەبوتالب وەفاتی کرد کافرەکان تەنگیان بە پەیامبەری خوا ﷺ هەڵچنی تا وای لێهات فەرمووی: ئەی مامە چەند زوو هەستم بە نەبونت کرد .

هەروەها لە (الصحيحين)دا هاتووە ئەڵێ: ڕۆژێك پەیامبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد –وە هەندێك ناوسکە ووشتر لەو دەورە توڕ درابوو– کە عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت بینی پەیامبەری خوا ﷺ نویژ دەکات، ئەو پیسیەی هەڵگرت خستیە سەر پشتی موبارەکی پەیامبەرﷺ، ئەویش هەر لەسوژدەدابوو سەری بەرز نەکردەوە وپیسیەکەش هەر لەسەر پشتی بوو، هەتاوەکو فاتیمەی کچی رضي الله عنها هات ولەسەر پشتی لایدا، ئەوەبوو پەیامبەر ﷺ لەوکاتەدا فەرمووی: "ئەی پەروەردگارا ئەم کۆمەڵەی نێو قوڕەیش لە ناو دەی.. .

هەر لە (صحيح البخاري)دا هاتووە: کەوا ڕۆژێك عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت شانی پەیامبەری ﷺ گرت وکراسەکەی پێچایە ملیەوە وزۆر توند جەڕاندی، هەتا خەریك بوو بخنکێت، ئەوەبوو ئەبوبەکر گەیشت وپاڵێکی نا بەعوقبەوە ووتی: ﴿ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ ﴾ پیاوێك دەکوژن تەنها لەبەر خاتری ئەوەی ئەڵێت پەروەردگارم الله یە .

## بەزەیی و ڕەحمەتی بە ئومەتەکەی

دوای ئەوەی ئەبوتالبی مامی وخەدیجەی خێزانی وەفاتیان کرد، قوڕەیش دەستیان کرد بەئازاردانی پێغەمبەر وتەواو ناڕەحەتیان کرد، ئەوەبوو ڕۆیشت بۆ تائیف بە مەبەستی بانگکردنی خێڵەکانی ئەو ناوچەیە بۆ ئیسلام ، بەڵو ڕێگەی بکەنەوە ولەوێوە بانگەزەکەی پەرە پێ بدات، ئەوەبوو وەلاّمیان نەدایەوە، تەنانەت دەستیانکرد بە گاڵتەپێکردن وڕابواردن وئازاردانی، تەنانەت بەردیشیان تێگرت، هەتا ئەوەبوو خوێن لە پشتی موبارەکی هاتە خوارەوە، ئا بەو شێوەیە ودوای ئەو هەموو ئەشکەنجەیە، بە دڵی شکاوەوە بە کوڵێ خەم و خەفەتەوە بەو پەڕی دڵسوتاویەوە، بەرەو مەککە گەڕایەوە، پەیامبەری خوا ﷺ، خۆی دەفەرموێت: لە تائیف دەرچوم وبەلاّم زۆر غەمبار وبێ تاقەت

بووم هۆشم لای خۆم نەمابوو، هەر کە بە ئاگا هاتم، بینیم وام لە ناوچەی (قرن الثعالب) کە سەرم بەرزکردەوە بینیم وا پەڵەهەورێك خۆی کردوەتە سێبەر لە بۆ من، تەماشام کرد بینیم جوبرەئیلی تێدایە، بانگی لێکردم وفەرمووی: بەڕاستی خوای پەروەردگار بیسەری قسە وکرداری قەومەکەت بوو کە چیان پێوتی وچیان پێکردی، وا مەلائیکەتی شاخەکانی بۆ ڕەوانە کردووی، جا بەوەی پێت خۆشە فەرمانیان پێبکە، دوای ئەوە مەلائیکەتی شاخەکان بانگی لێکردم وفەرمووی: خوای گەورە منی بۆلای تۆ ڕەوانە کردوە بۆ ئەوەی بەوەی پێت خۆشە فەرمانم پێ بدەی، ئەگەر ئەتەوێت ئەم دوو کێوەت لە بۆ دەدەم لەیەك – تائیف لە نێوان دوو کێودایە– تەنها ئەمر بفەرمە، بەڵام ئەو خۆشەوستە، ئەو دڵسۆزە، بەسۆزە، سەلات وسەلامی خوای لەسەربێ فەرمووی: ((بل أرجو أن يخرج الله من أصلابهم من يعبد الله وحده لا يشرك به شيئاً))[١٩]، واتە: نەخێر، بەڵکو ئومێدەوارم لەوەچەی ئەمانەدا خوای گەورە خەڵکانێك بێنێ کە تەنها ئەو بپەرستن و هاوبەشی بۆ قەرار نەدەن.

تەنانەت پەیامبەری خوا ﷺ لە هەموو مەوسمێکدا کە هۆز و تیرەکان ئەهاتن بۆ مەککە دەڕۆشت بۆ لایان و دەیفەرموو: (( مَنْ يُئْوِينِى مَنْ يَنْصُرُنِى حَتَّى أُبَلِّغَ رِسَالاَتِ رَبِّى عَزَّ وَجَلَّ وَلَهُ الْجَنَّةُ"[٢٠]، واتە: کێ جێگام دەکاتەوە؟ کێ سەرم دەخا؟ بۆ ئەوەی پەیامی پەروەردگارم بگەیەنم وبەهەشت بۆ ئەو بێت )).

پاشان لە عەقەبەدا، ولە مەوسمی حەجدا چاوی کەوت بە شەش نەفەر لە خەڵکی مەدینە وبانگی کردن لە بۆ ئیسلام وئەوانیش بە بانگەوازەکەی ڕازی بوون وبوون بە موسڵمان، پاشان گەڕانەوە شارەکەی خۆیان وبانگەوازەکەیان گەیاند بە هەموو خەڵکی ناوچەکە، ئەوەبوو بە فەزڵی خوا ئیسلام لە هەموو مەدینەدا بڵاوبوویەوە، پاشان پەیمانی عەقەبەی یەکەم ودووەمی لەگەڵ بەستن، ئەمانەش بە نهێنی ڕوویدا.

دوای ئەمانە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بە کۆچککردن بۆ مەدینە، ئیتر دوای ئەوە هاوەڵان بەرە بەرە دەستیان کرد بە کۆچکردن .

---

[١٩] ( متفق عليه ) .

[٢٠] (رواه الإمام أحمد في مسنده،وصححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة،برقم: ٦٣) .

## كۆچكردن بۆ مەدینە

دوای هاوەڵان، خۆیی وئەبوبەكریش بەرەو مەدینە كەوتنە ڕێ، سەرەتا لە ئەشكەوتی (ثور)دا سێ ڕۆژ مانەوە وپاشان ڕۆیشتن بۆ مەدینە، ئەوەبوو خەڵكەكە زۆر بە خۆشحاڵیەوە بە پیریان هاتن وبەگەرمی خێرهاتن كران، دوای ئەوە مزگەوتەكەیی و ماڵەكەی دروستكرد.

## جەنگەكان

لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێ: كاتێك پەیامبەری خوا ﷺ لە مەككە دەركرا و كۆچی كرد بۆ مەدینە، ئەبوبەكر ووتی: بەخوا ئەم خەڵكە لەناو ئەچن! پەیامبەرەكەی خۆیانیان شار بەدەركرد؟! إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، پاشان خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە : ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا ۚ وَإِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾ (الحج) [٢١]واتە: ڕێگەی (جەنگ و جیهاد) درا بەو موسڵمانانەی كە شەڕیان لەگەڵدا دەكرێ، لەبەر ئەوەی كە بەڕاستی ستەمیان لێكراوە، بێگومان خوا لە بۆ سەرخستنیان بە توانایە.. .

ئەمەش یەكەمین ئایەتێكە لەبارەی جیهاد وبەگژاچونەوەی بێ باوەڕاندا دادابەزێت، پێش دابەزینی ئەم ئایەتە جیهاد وشەڕكردن جائیز نەبوو.

وەپەیامبەری خواﷺ لە (بیست وحەوت) غەزادا بەشداری كردووە، لە (نۆ) دانەیان بەشداری كردووە وجەنگاوە، ئەوانەش بریتین لە: بەدر، ئوحود، ریسیع، خەندەق، قورەیزە، خەیبەر، فەتح، حونەین، تائیف، هەروەها پەنجا وشەش سیریەشی ناردووە .

## حەج و عومرەكانی

لە دوای كۆچكردنیەوە بۆ مەدینە، تەنها یەكجار حەجی كردووە، كە ئەویش بە حەجی ماڵئاوایی (حجة الوداع) ناسراوە.

بەڵام چوار عومرەی كردووە:

**یەكەمیان** : عومرەی حودەیبییەیە ئەو عومەرەیەی كە موشریكەكان ڕێگریان لێكرد ونەیانهێشت بڕواتە ناو مەككەوە، ئەمەش لە ساڵی شەشی كۆچیدا بوو.

**دووەمیان** : عومرەی "قەزا"، دوای ئەوەی ڕێگری لێكرا، لە ساڵی داهاتوو ولە هەمان مانگی زیلقەعدەدا هاتەوە وعەمرەی خۆی كرد، وە عومەرەی (قصاص)یشی پێ دەوترێت.

**سێیەمیان**: عومرەی (**جعرانة**) لە مانگی زیلقەعدە، دوای جەنگی تائیف، هەر لێرەشدا دەسكەوتی حونەینی بەخشیەوە.

**چوارەمیان**: ئەو عومرەیەی كە لەگەڵ حەجەكەدا بەجێی هێنا[٢٢].

---

[٢١] ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن النسائي ، برقم : ٣٠٨٥ ) .

[٢٢] ( رواه البخاري و مسلم و أبو داود و الترمذي و أحمد ) .

## ڕوخسار و شێوازی

پەیامبەری خوا ﷺ باڵای مام ناوەند بووە، نە کورتە باڵابووە نەدرێژ. دەم و چاوی گەش بووە –سوور وسپی بووە–، ڕەشی چاوەکانی تۆخ بووە، سنگ وسکی توکنێکی وا نەبووە کە توك دایپۆشێت، هەندێك مووی هەبووە لە ناوەڕاستی سنگەوە بۆ سەر ورگ .

## ڕەوشتی

پەیامبەری خوا ﷺ جوانترین خوو ڕەوشتی هەبووە، ڕاستگۆترین کەس بووە، زۆر نەرم ونیان بووە، زۆر بە ڕێزەوە تێکەڵی خەڵکی کردووە وهەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردوون، خوای پەروەردگار لە بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾ (القلم)، واتە: بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت وئاکارێکی ئێجگار بەرز وگەورەیت.

وەزیرەکترین وجوامێرترین مەرد بووە، وخاکیترین کەس بووە، وبەشەرم وحەیاترین کەس بووە بە شەرمتر لە کچی عازەب لە شوێنی مانەوەیدا، دیاری وەردەگرت وپاداشتیشی لەسەر دەدایەوە، وصەدەقەی وەرنەدەگرت ونەیدەخوارد، هەرگیز لەبەر نەفسی خۆی توڕە نەدەبوو، ئەگەریش توڕە ببوایە لەبەر خوا توڕە دەبوو، هەرچ خواردنێك ئامادە بوایە دەیخوارد وفیزی نەدەکرد، ئەگەریش حەزی لێ نەکردایە وەلای دەنا وهیچی نەدەووت، هەرچیش ئامادەبووایە وهەیانبوایە هەڵی نەدەگرت، ئەگەریش هیچیان نەبوایە بۆ خواردن نە دەگەڕا وسەبری دەگرت، نەبەڕاکێشانەوە، ونە لەسەر مێزی نانخواردن نانی دەخوارد، مانگێك ودووان وسیان تێدەپەڕی ئاگرێك لە ماڵەکەیدا نەدەکرایەوە.

هەروەها لەڕەوشتە هەرەبەرزەکانی – ئەگەر چی ڕەوشتەکانی هەمووی بەرزن– دانیشتنی بوو لەگەڵ هەژار ونەدار ولێقەوما وداماواندا، وسەردانی نەخۆشی دەکرد وشوێنی جەنازە دەکەوت .

هەروەها گاڵتە ویاریشی دەکرد، بەڵام لە ڕاست زیاتری نەدەوت، وپێ دەکەنی بەڵام قاقای نەدەکرد، ولە خزمەتی ماڵ ومناڵ وخێزانەکەی خۆیدا بوو، هەروەك خۆی دەفەرموێت: "خيركم خيركم لأهله، وأنا خيركم لأهلي"[٢٣]، واتە: ((باشترینتان ئەوەیە کە لەگەڵ خێزان وماڵ ومنداڵی خۆیدا باشترین بێت، وە من باشترینتانم لەگەڵ خێزان وماڵ ومنداڵی خۆمدا )).

ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ : "خدمت رسول الله ﷺ عشر سنين فما قال لشيء فعلته: لم فعلته، ولا لشيء لم أفعله، ألا فعلت كذا!"[٢٤]، واتە: دە ساڵ خزمەتی پەیامبەری خوام

---

[٢٣] ( رواه الترمذي و صححه العلامة الألباني في : صحيح سنن الترمذي ، برقم : ٣٨٩٥ ، وفي الصحيحة ، برقم : ٢٨٥ ) .

[٢٤] ( صححه العلامة الألباني في : الإحتجاج بالقدر لشيخ الإسلام ابن تيمية ، ص ٤٣ ) .

کرد ﷺ، هەرگیزا وهەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر شتێك کە کردبێتم پێی نەووتم: بۆ وات کرد؟! وە لەسەر شتێك کە نەمکردبێت: بۆ وات نەکرد.. ؟!

هەمیشە نەرمونیان بوو لەگەڵ خەڵکی، وموعجیزەی پیشان دەدان، خوای گەورە مانگی بۆ دووکەرت کرد[٢٥]، وئاوله بەینی پەنجە موبارەکەکانیەوە هەڵقولا[٢٦]، ودار خورما لەبۆ شەوقی ئەو نازدارە دەستی کرد بە نوزە نوز[٢٧]، و ووشتر سکاڵای بۆی هێنا، وباسی هەر شتێکی نادیاری بکردایە، بەو شێوەیەی ئەو باسی دەکرد پێشدەهات.

جا توخخوا دارخورمایەك دەگری، کە دەبینیٚ خۆشەیست لێی دووردەکەوێتەوە. ڕووەکەکانیش موشتاقی ئەون، تەنانەت شاخەکانیش ، هەروەك پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: "أُحُدٌ جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ"[٢٨]، واتە: ئوحود شاخێکە ئەو خۆشی دەوێین وئێمەش خۆشمان دەویٚ.

دەی ئەی ئێمە بۆ نەگرین وموشتاقی بینینی ئەو پەیامبەرە خۆشەویستە نەبین ﷺ – بە ڕۆح ودایك وبابمەوە بە فیدای بم– خوایە لە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت، داوات لیٚ دەکەین بەو ناوەی کە ئەگەر داوات لیٚ بکریٚ پێی وەڵام دەدەیتەوە وڕەد ناکەیتەوە، پەیامبەر ﷺ بکەرە شەفاعەتکار بۆمان، پەروەردگارا لە ئاو خواردن بەو دەستە موبارەکەی لەسەر حەوزی کەوسەر مەحرومـمان مەکە، آمین آمين آمين .

## فەزڵی پەیامبەری خوا ﷺ

لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە رضي الله عنه ئەڵیٚ: پەیامبەری خوا ﷺ فەرمووی: "أعطيت خمساً لم يعطهن أحدٌ قبلي: نصرت بالرعب مسيرة شهر، وجعلت لي الأرض مسجداً وطهوراً، فأيما رجل من أمتي أدركته الصلاة فليصل، وأحلت لي الغنائم ولم تحل قبلي، وأعطيت الشفاعة، وكان النبي يبعث إلى قومه وبعثت إلى الناس كافة"[٢٩]، واتە: (( پێنج شتم پیٚ بەخشراوە بە هیچ کام لە پیغەمبەرانی پێش من نەبەخشراوە، لە دووری یەك مانگ ڕێگاوە خوا ترسی خستۆتە دڵی دوژمنانمەوە، وە هەموو زەویم بۆ کراوە بە مزگەوت و پاك کەرەوە ، جا با هەرکەسێك لە ئوممەتەکەم گەیشتە نوێژە با نوێژی خۆی بکات (لە هەرکوێیەك بوو)، وە غەنیمەتم بۆ حەڵاڵ کراوە وپێش من حەڵاڵ نەبووە، وە شەفاعەتم پێدراوە، وە پەیامبەران بە تایبەتی بۆ گەلەکەیان ڕەوانە کراون بەڵام من بۆ گشت مەردووم ڕەوانە کراوم)).

---

[٢٥] ( رواه البخاري ومسلم ) .

[٢٦] ( رواه البخاري ) .

[٢٧] ( رواه البخاري ) .

[٢٨] ( رواه البخاري ومسلم ) .

[٢٩] ( متفق علية ) .

هەروەها دەفەرموێت: "أنا أول الناس يشفع يوم القيامة، وأنا أكثر الأنبياء تبعاً يوم القيامة، وأنا أول من يقرع باب الجنة"[٣٠]، واتە: من یەکەم کەسم لە قیامەت شەفاعەت دەکەم، وە من زۆرترین شوێنکەوتوم هەیە لە ڕۆژی دوایدا لە نێو گشت پەیامبەراندا، وە من یەکەم کەسێکم کە لە دەرگای بەهەشت دەدەم.

هەر لە صحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ دەڵێت: پەیامبەری خوا ﷺ فەرمووی: "أنا سيد ولد آدم يوم القيامة، وأول من ينشقُّ عنه القبر، وأول شافع وأول مُشفع"، واتە: من گەورەی کوڕەکانی ئادەمم لەڕۆژی قیامەتدا، وە من یەکەمین کەسێکم کە قەبرەکەی لەسەر شەق دەبێت ودێتە دەرەوە، وە من یەکەمین شەفاعەتکار ویەکەمین کەسم کە داوای شەفاعەت کردنم لێ دەکرێت .

## ژیانی و پەرستشی

عائیشە ﷺ دەڵێت: "كان رسول الله ﷺ يقوم حتى تتفطر قدماه، فقيل له في ذلك، فقال: أفلا أكون عبداً شكوراً"[٣١]، واتە: پەیامبەری خوا ﷺ بەشەو هەڵدەسا و شەو نوێژی دەکرد، هەتا پێکانی هەڵدەئاوسا وشەقیان دەبرد، عەرزیان کرد: ئەی ڕەسولی خوا بۆ ئاوها ئەکەی مەگەر خوا لە تاوانەکانی ڕابردوو وداهاتووت خۆش نەبووە؟! ئەویش فەرمووی: ئەی نابێ بەندەیەکی سوپاسگوزار بم .

هەروەها لە عائیشەوە ﷺ دەڵێت: "ئەو ڕاخەرەی کە پەیامبەری خوا ﷺ لەسەری دەنووست، لە پێستەیەکی پڕکراو لە پەلکی خورما دروست کرابوو"[٣٢] !!

وە لە فەرمودەکەی ئیبن عومەردا ﷺ هاتووە دەڵێت : بەو دوو چاوەی خۆم پەیامبەری خوام ﷺ بینی لە برسێتیدا ورگی پل دەدا، تەنانەت خورمایەکی خراپیشی دەست نەدەکەوت بیخوات وسکی پێ پڕ بکات[٣٣].

ئاوها ژیا لەم دنیایەدا و ئاوهای گوزەراند، بەڵام هیچ زیانێکیشی پێ نەگەیاند، لە کاتێکدا گەورە وسەرداری هەموو پەیامبەرانە.

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لە ئوممەتی ئەوی گێڕاین ، داواکارین لە خوای گەورە لەسەر قورئان سوننەتەکەی ئەو حەشرمان بکات و لەگەڵیا کۆمان بکاتەوە آمين آمين .

---

[٣٠] ( رواه مسلم ) .

[٣١] ( متفق عليه ) .

[٣٣] ( رواه مسلم ) .

## لە گرنگترین ڕوداوەکانی ژیانی

**ئیسرا و میحراج :** پێش کۆچکردن بۆ مەدینە بەسێ ساڵ ڕویدا ونوێژی تێدا فەرز کرا .

**ساڵی یەکەم :** کۆچکردن، دروستکردنی مزگەوت، هەستان بە دروستکردنی دەوڵەت، فەرزبونی زەکات .

**ساڵی دووەم :** جەنگی بەدری گەورە، لەم شەڕەشدا خوای گەورە موسڵمانانی سەر بەرز کرد وبێ باوەڕانی سەرشۆڕ کرد.

**ساڵی سێیەم :** جەنگی ئوحود، بەلاّم لەم شەڕەدا بێ باوەڕان سەرکەوتن، ئەمەش بەهۆی بە قسە نەکردنی پەیامبەرەوە ﷺ لە لایەن هەندێك لە تێکۆشەرە موسڵمانەکانەوە، دەرچوون لەو تەعلیماتانەی کە پەیامبەر ﷺ پێی دابوون، چونکە چاویان بڕیە ئەو دەستکەوتە جەنگیانەی کە لە بێ باوەڕان بەجێما بۆیە سەنگەریان چۆڵ کرد و ئەوانیش ئەمەیان قۆستەوە پەلاماریاندا وسەرکەوتن .

ئەوەش لە دەرەنجامەکانی دەرچوونە لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺ ، خوای گەورە لە شوێنکەتوانی بمانگێڕێ.

**ساڵی چوارەم :** غەزای بەنی نەزیر، ئەمەش بەهۆی شکاندنی ئەو پەیمانەی کە لە نێوان ئەوان (جولەکەکان) وموسڵمانەکاندا هەبوو، بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد کە ئەبێت خێڵی نەزیر لە مەدینە وەدەرنرێن .

**ساڵی پێنجەم :** غەزای بەنی موستەلیق، جەنگی ئەحزاب، هەورەها غەزای بەنی قورەیزە

**ساڵی شەشەم :** صوڵحی حودەیبیە، هەر لەم ساڵەدا بە تەواوەتی مەی حەرام کرا .

**ساڵی حەوتەم :** جەنگی خەیبەر، ئا لەم ساڵەدا پەیامبەر ﷺ وهاوەڵانی ڕۆیشتنە نێو مەککەوە وعومرەیان ئەنجام دا، هەروەها لەم ساڵەدا پەیامبەری خوا ﷺ صەفیەی کچی حویەیی هێنا .

**ساڵی هەشتەم :** جەنگی موئتەی نێوان موسوڵمانان وڕۆمەکان، هەورها فەتحی مەککە، وغەزای حونەین لە دژی خێڵەکانی هەوازن وسەقیف .

**ساڵی نۆیەم :** جەنگی تەبوك کە کۆتا جەنگی ڕەسولی خوا بوو ﷺ، هەر لەم ساڵەدا وەفدەکان دەهاتن بۆ خزمەتی پەیامبەری خوا ﷺ وموسڵمانان بوونی خۆیان ڕادەگەیاند، خەڵك پۆل پۆل وبە لێشاو دەهاتنە نێو ئیسلامەوە، هەر بۆیە ئەم ساڵە ناونرا بە ساڵی وەفدەکان .

**ساڵی دەیەم :** حەجی ماڵئاوایی، کە زیاد لە سەد هەزار موسڵمان لەگەڵ پەیامبەری خوا ﷺ حەجیان کرد .

**ســـاڵی یازدەیـــەم : وەفــاتکردنی پەیامبــەر ﷺ، لــە ڕۆژی دووشـــەمەی مــانگی ڕەبیعولئەوەل، لە تەمەنی سەست وسێ ساڵیدا، چل ساڵی پێش پەیامبەرایەتی، وبیست وسێ ساڵیش دوای پەیامبەرایەتی. ئەم بیست و سێ ساڵەش، سیازدەی لە مەککە بوو، دە ساڵەکەی تریش لـە مەدینـە، سـەلات وسـەلامی خـوا لەسـەر پەیامبـەر وخانـەوادە و هاوەڵەکانی بێت .**

**لە کۆتاییدا سەلات وسەلام لەسەر پەیامبەرمان موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا، جا هەر هەق و صەوابێکی تێدابوو، ئەوە لە خوای پاك وبێ خەوشەوەیە، وە هەر هەڵە وکورتییەکی تێدابوو، ئـەوە لـە خـۆم و شـەیتانەوەیە وخـوا وپەیامبەرەکـەی ﷺ لێـی بـەریئن، وە پـەنا دەگرم بـە خـوا لـەوەی یـادی ئێـوەی بێنمـەوە وخـۆم لـە یـادی بکـەم وببمـە پردێـك بـە مـن بپەڕنەوە بۆ بە هەشت وخۆیشم بخرێمەوە دۆزەخەوە والله تعالى أعلم .**

والحمد لله رب العالمين

**سەرچاوەکان**


- تهذيب الأسماء واللغات للإمام النووي .
- التبصرة والحدائق لابن الجوزي .
- زاد المعاد لشيخ الإسلام ابن القيم .
- السيرة النبوية للإمام الذهبي .
- جوامع السيرة النبوية لابن حزم .
- الفصول في سيرة الرسول ( ابن كثير ) .
- صحيح السيرة النبوية ، العلامة محمد ناصرالدين الألباني .
- صحيح السيرة النبوية ، إبراهيم العلي ..
- ومصادر أخرى ...


* * * *

www.ba8.org